سەرچاوەی کولتوری شەق وەشاندنەکەی ئاغاکەی ئۆمەرسێنان!



ئاغای زێباری لە گوندی ئۆمەرسێنانی دەڤەری ئاکرێ، لەسەر بەخێونەکردنی سەگەکانی پەلاماری جوتیاران دەدات و لە پیاوێکی تەمەن شەست ساڵان دەدات و چەندین خێزان دەربەدەر دەکات. ئەمە هەواڵی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی هاوڵاتییە. ئەمەش لینکی راپۆرتەکەیە:

http://www.hawlati.co/2011/08/%d9%be%d9%88%d8%b1%d8%b2%d8%a7%db%8c%d9%87%e2%80%8c%d9%83%db%8c%e2%80%8c-%d8%a8%d8%a7%d8%b1%d8%b2%d8%a7%d9%86%db%8c%e2%80%8c%d8%8c-%da%98%d9%85%d8%a7%d8%b1%d9%87%e2%80%8c%db%8c%d9%87%e2%80%8c%d9%83/

ئەم کێشە کۆمەڵایەتیە هاوشێوەی ئەو کێشە کۆمەڵایەتیەیە کە باس لە کێشەی گەورە ساڵان دەکات و لەم ڕۆژانەدا نووسینێکم لەسەر نووسی. دیسان ئەم کێشە کۆمەڵایەتیە و ئەم شەق وەشاندن و پەلامارداننە هاوشێوەی ئەو شەق وەشاندنەیە کە لە ناوەڕاستی مانگی سێدا، پیاوانی ئاسایشی هەولێر بەشەق بەردەبنە گیانی مێرد منداڵێک و ئەویش لە تاو ئازاری خۆی پێڵاوەکانیان ماچ دەکات تا وازی لێبێنن، ئەو گرتە ڤیدیۆییە چەندین وتار و بابەتی لەسەر نووسراو تکا لە سەرۆکی هەرێم و دادوەرە گشتییەکان کرا کە ئەمە قبوڵ نەکەن! بەڵام ئەوان وەک نەبایان بینیبێت نە بۆران و هەمووشتیان بیری خۆین بردەوە و هیچ ئیجرائاتێکیان نەکرد. فەرموون ئەوەش لینکی یەکێک لەو بابەتانەی کە کاک ڕێبوار سیوەیلی لەسەر ئەو شەقوەشاندن و بێحورمەتیی و کەرامەتشکاندنە نووسیی بووی.
(هەر لێرەدا دەتوانی سەیری گرتە ڤیدیۆییەکە بکەیت) http://www.dengekan.info/dengekan/11/9917.html

هەریەکە لەم کێشە کۆمەڵایەتیانە و ئەم کولتوری شەق وەشاندنانە ڕەنگە جیاوزبێت لەویتر و چەند ڕەهەندێکی تایبەتی خۆی هەبێت، وەلێ هەموویان کێشەی کۆمەڵایەتیین و دەسەڵاتی سیاسی بەرپرسیارە لێیان و سەرچاوەکانیان یەک کولتوری سیاسییە و یەک پەروەردە و یەک عەقڵیەتی حیزبایەتییە.

ڕەنگە یەکێک لە زەقترین ڕەهەندەکانی ئەم کێشە کۆمەڵایەتییە، پێشێلکاریی مافی مرۆڤ بێت لە کوردستاندا، کە بەتەواوەتی لەم زۆرداریی و سوکایەتییکردنەدا بەرامبەر خەڵکی ئەو گوندە دەردەکەوێت، کە تا ئەمڕۆ کە دەیەیی یەکەمی سەدەی بیست و یەک تەواو دەبێت هێشتا ئاغایەک بە بەرچاوی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی کوردستانەوە، بە بەرچاوی هەموو حیزبە ئۆپۆزیسوێنەکانەوە، بە بەرچاوی پەرلەمانەوە، بە بەرچاوی بە ناو حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، بەو پەڕی دڵڕەقییەوە پەلاماری خێزانە جوتیارەکان دەدات و دەربەدەریان دەکات، لەسەر ئەوەی کە ڕازی نابن سەگەکانی بەخێوکەن. لەسەر ئەوەی کەئەم جوتیارە تەمەن شەست ساڵییە بەهای خۆی و خێزانەکەی لەوە بەبەرزتر دەزانێت کە سەگی پێبەخێوکرێت، و ڕۆژانە ژنەکەی و منداڵەکانی خەریکی سەپلە دروستکردن بن بۆ سەگەکانی ئاغا لە پێناوی 400 هەزار دیناریی عیراقییدا. ئاخر ئەگەر بە دەست ئاغابێت، ئەم جوتیارە بەرێزەی کە سەگ بەخێوکردنی ئاغا قبوڵ ناکات، دەبێت ئەوەندەی هەبێت بە سکێک تێر و بە دووان برسی، تا بگاتە ئەو ئاستەی کە ئاغا خێری خۆی لە سەپلەی سەگەکانی جار جار بە بەزەیی بەشی منداڵەکانی بدات. ئاخر هەریەکێک لەم ئاغایانە بوو کا جارێکیان بە باوکی خۆشەوستمی وتبوو: بە قەبەری کاک ئەحمەد(واتە کاک ئەحمەدی شێخ)، ئەگەر سمێڵەکانت بە کڕین بوایە گوندی تەنگیسەرم دەدا و نەمدەهێشت ئەو سمێڵانە بە تۆوە بێت. چوونکە باوکی من جوتیار بووە، ئەویش ئاغا، چۆن دەبێت سمێڵی جوتیارێک لە سمێڵی ئاغایەک جوانتر بێت. هەر ئەم ئاغایەش بوو، لە گوندی مێوڵی قەرەداخ، جارێکیان یەکێک لە مسکێنەکانی دەبینێت کە کەوا و سەڵتەیەکی تازەی لەبەردایە،

لەسەر ئەمە بانگی دەکات و دوای لێدانێکی زۆر بۆ چەندجارێک لە ئاوی حەوزەکەی هەڵدەکێشێت و دەڵێت، چۆن تۆ پرکێشی دەکەیت لەبەرچاوی من کەوا و سەڵتەی تازە بکەیتە بەرت.

رەهەندێکی تری ئەم جۆرە کێشانە، نەبوونی لێپرسینەوەی یاسایە لەو کێشە کۆمەڵایەتیانە، ئەوەتا بە ئاشکرا وەزیری داد قبوڵی ناکات کە بەرێوەبەرایەتی دادوەریی گشتی بەرێوەبەرایەتییەکی سەربەخۆبێت. دادوەری گشتی ، یان دادوەرە گشتییەکانی کوردستان پێویستە لەسەریان بە دواچوون بکەن بۆ چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی هاوشێوە کە رەنگە ئەوانەی تووشی ئەم کێشانە دەبن نەوێرن لە ترسی ئاغاکان و لە ترسی ئەو حیزبانەی بەرگری لە ئاغاکان دەکەن سکاڵا تۆمار بکەن، دەبێت ئەم دادوەرانە بە بێ ئەوەی بگەرێنەوە بۆ لای وەزیری داد کە وەزیفەیەکی سیاسییە و سەر بە حیزبێکە لەو حیزبانەی کە پەنای ئەم ئاغایانە دەدات، لێپرسینەوە بکەن و ئەم جۆرە کێشانە بدەن بە دادگا و سزایی یاسایی خۆی بدرێت.

رەهەندێکی تری ئەم کێشەیە، کێشەی چینایەتییە، کە بەهۆی ئەم کیشەیەوە تەنیا ئاغایەک دەتوانێت بە شەقەوە و بە گۆچانەکەی دەستییەوە بەرەو رووی چەندین خێزانی جوتیاری شەرفەمەند بێتەوە، ئەو جوتیارانەی کە هەمیشە بە رەنجی شانی خۆیان و عەرەقی ناوچەوانی خۆیان خۆیان ژیانوە و پشتووپەناش بوون بۆ هەموو ئەو شۆرش و بزووتنەوانەی کە بە ناوی شۆرش و بزووتنەوەی رزگاری خوازی گەلی کوردەوە بەرپاکراون لە کوردستاندا.

لەوانەشە ئەم ئاغایەی کە ئێستا خاوەنی هەمان دەسەڵاتی ساڵەکانی پەنجاکانی سەدەی بیستە، یەکێک بێت لەو ئاغایانەی کە سەرۆک جاشێک یان ئامر مەفرەزەیەکی سەردەمی رژێمی بەعسیەکان بووبێت و دژی پێشمەرگە بووبێت و چەندین کەسی لەو دەڤەرەدا بە ئەنفالکردن دابێت و چەندین کەسی بە کوشتدابێت بە دەستی رژێمی عێراقی جاران. ئەگەر ئەم ئاغایە جاشیش نەبووبێت و پێشمەرگە بووبێت! ئەوە دڵنیام کاتێک پێشمەرگە بووە هەمان رەفتاری ئاغایانەی هەبووە بەرامبەر بە خەڵکی رەشورووت و جوتیاران. ئاخر ئاغاکانی کوردستان لەبەر ئەوەی کە خاوەنی ماڵ وموڵک و سەروەت و سامانی زۆر بوون، بۆ پاراستنی سەروەت و سامانەکانیان یان دەبوایە جاش بن، یان دەبوایە پێشمەرگە بن، کێ پارێزەری سەروەت و سامان و زوڵم و زۆردارییەکانیانی بکردایە لایەنداریتی ئەو لایەنەیان دەکرد، ئیتر هیچ بەهایەکی تریان لا نەبوو. ئەمەش رەفتاری هەموو خاوەن سەروەت وساماندارێکە لە جیهاندا، کە گەورەترین بەها پاراستنی سەرمایەکەیەتی و هیچی تر.

ئەم رەفتارە، رەفتاری ئەو ئاغا و سەرۆک عەشیرەتانەم بیر دەخاتەوە کە جاران بە ناوی پێشمەرگایەتییەوە، دەسەڵاتدار بوون و هەمیشە ئاغا بوون بەسەر خەڵکی چەوساوەوە. باش لە بیرم دێت یەکێک لەوانە کە ناوی(ع.ش) بوو، کاتی خۆی کە ئامر هێزێکی پێشمەرگە بوو، رۆژێک کۆمەڵێک لە جوتیارانی کۆکردبووە و بە زۆر فەرمانیدا بوو بەسەریاندا کە درک و داڵ و کونجرە لە خوریی مەرومالاتەکەی بکەنەوە، هەندێک لەو جوتیارانەش بۆ خۆیان پێشمەرگە بوون. ئەو سەردەمە حیزبی شیوعی قیادەی مەرکەزی لەسەر ئەم کێشەیە و ئەم زۆرداریییە بەیاننامەیەکی دەرکرد و تیاییدا ئەو رەفتارەی ئیدانەو مەحکومکرد.

هەر ئەم بەیاننامەیە و چەندین هەڵوێستی تری ئەو سەردەمەی قیادە مەرکەزی بوو لەسەر ئەم جۆرە رەفتارانەی ئاغاکانی ئەو سەردەمەی (شۆرش)، کە بووە هۆی ئەوەی بە ئەمری مەلا مستەفا لە ماوەیەکی کورتدا هەرسێ هێزەکەی قیادەی مەرکەزی چەک کران بە (برایم عەلاوی)شەوە کە سکرتێری حیزب بوو. ئەم بیرەوەرییە بۆیە دەخەمە روو کە خوێنەران و گەنجەکان ئاگاداربن کە ئەم جۆرە رەفتارانەی ئێستای ئاغاکانی کوردستان بە میرات ماوەتەوە و هەمان رەفتاری جارانی ئاغاکانی سەردەمی کۆنە کە تا هەنوونکە خەڵک دەناڵێنن بە دەستیانەوە. وە هەمان پارێزەرانیش کەحیزبە سیاسییە کوردییەکانن زوڵم و زۆری ئەم ئاغایانەیان پاراستووە تا ئەمرۆ.

یەکێک لە پایە گرنگەکانی شۆرشی گەلی کورد، دژایەتیکردن بوو بۆ ریفۆرمی زەویوزار و دابەشکردنی زەویوزار بەسەر ئەو جوتیارانەی کە دەیانکێڵا. بۆیە هەر لە یەکەم تەقەی شۆرشەوە کە دەستی پێکرد، هەموو ئاغاکان لەدەوری مەلا مستەفا و شۆرشەکەی کۆبوونەوە. باش لە یادمە کاتێک کە شۆرش و هێزی پێشمەرگە لە ساڵەکانی ناوەراستی شەستەکان بە دواوە گەورەتر بوو، ئاغاکان پەلاماری جوتیارەکانیان دەدا و پێیان دەوتن بیرمان ناچێتەوە

کە کاتی خۆی هەموو موڵکی ئێمەتان داگیرکردبوو دەتانووت( فەلاح موڵکی خۆیەتی ئاغاش باوکە ڕۆیەتی). چوونکە بۆ ماوەیەک لە سەردەمی حوکمی عەبدولکەریم قاسم دا جوتیاران ببوون بە خاوەنی موڵکی خۆیان و موڵکانەیان نەدەدا بە ئاغاکان.

هەردوو لایەنی دژ بەیەکی ئەوسای پارتی دیموکراتی کوردستان، باڵی مەکتەبی سیاسی، کە لە دواجاردا بوو بە (پارتی شۆرشگێر) بەسەرۆکایەتی جەلال تاڵەبانی و باڵی سەرۆکایەتیەکەشی کە هەر بە ناوی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە مایەوە و مەلامستەفا سەرۆکایەتی دەکرد، هیچ کات دەستبەرداری ئاغاکان نەدەبوون. لەوەش سەیر تر ئەوە بوو کە( پارتی شۆڕشگێر) خۆیان بە چەپ دەزانی و تەبەنی خەتی ماویان دەکرد و هەمیشە خوێنەوارەکانیان کتێبەکانی مارکس و لینین و ماویان دەخوێندوە، بەڵام سیاسەتی حیزبەکەیان وابوو کە موجامەلەی ئاغایەکیان لە موجامەلەی هەموو جوتیارانی کوردستان بەلاوە گرنگتر بوو.

باشیش لە یادمە، دوای ئەوەی کە (پارتی شۆڕشگێر) ناوچەی قەرداخی پاکردەوە لە باڵەکەی مەلا مستەفا، یەکێک لە ئەفەندیە شارییەکان کە بە حسابی خۆی (ماوی) بوو، کەسێکی چەپی سەربەم حیزبە عەنتییکەیە بوو، بە شەق و قۆناغە تفەنگ و ختنە ناو حەوزی ئاوەوە هەرشەی لە خەڵکی قەرداخ دەکرد. حیزبە بە ناو شۆرشگێرەکانی کوردستان بە هەموو باڵەکانیانەوە، خاوەنی کوولتوری شەق وەشاندن بوون.

ئاغاکاکان، ئەگەر پێشمەرگە بووبێتن، یان ئەگەر جاش بووبێتن، هەر ئاغا بوون و هەردوو سیستەمەکە، واتە چ سیستەمی شۆڕش و چ سیستەمی حکومەتی عیراقی پشتیوانی لێکردوون، ئێستاش بە هەمان شێوە ئەوە سیستەمی حکومەتی یەکێتی و پارتییە وا پشتیوانی لەو ئاغایانە دەکەن کە بەم جۆرە ڕەفتار لەگەڵ جوتیاراندا دەکەن، هەر ئەوانیشن کە پەنای سەرۆک جاشەکانیان داوە و نایەڵن بدرێن بە دادگا و دەیانپارێزن.

کولتوری شەقوەشاندن، لە کوردستاندا، کولتوری بەعسیە خوێنرێژەکان بووە، ئەو کولتورە بووە کە بەشەق وەڵامی هەموو داخوازییەکی خەڵکیان داوەتەوە، کە بە شەق ویستویانە هەموو کۆمەڵگای عێراق و کوردستان بخەنە ژێر رکێفی خۆیانەوە. بە داخەوە ئەم کولتورە ناشیرینە کەرامەتشکێنەی بەعس بووە بە کولتورێکی سیاسی زۆربەی زۆری ئەو حیزبانەی کە دەسەڵاتیان هەبووە لە کوردستاندا، لەگەڵ ئەوەی کە کورد زۆرترین زیانی لەم کولتورەی بەعسییەکان کردوە. لەگەڵ ئەوەش کە ئەم حیزبانە بە ناوی شۆڕشگێڕێتی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردەوە خەڵکیان لە دەوری خۆیان کۆکردۆتەوە، لە هەمانکاتدا هەڵگری هەمان کولتوری شەق وەشاندنی بەعسییەکان بوون.
شەق وەشاندنەکەی کاکی ئەفەندی کادری پێشکەوتووی (پارتی شۆرشگێر)ی ساڵی 68 و69 ی ناوچەی قەرەداخ و شەق وەشاندنەکەی کاکی ئامر هێزی پێشمەرگایەتی ساڵی 1973 ناوچەی ڕانیە و شەق وەشاندنی تاقمەکەی کانی ماسیی جاران و شەق وەشاندنەکەی کاکی ئەندامی دەستگای ئاسایشی مانگی سێی هەولێری پایتەختی کوردستان و شەق وەشاندنەکەی ئاغای ئۆمەرسێنان، هەموویان بەرهەمی یەک کولتوری سیاسیی کەرامەتشکێنن لە کوردستاندا. دیسان بەندیخانەکەی ساڵی 1966 ی بەکرەجۆ و فەلاقەخانەکەی 2011 بەردەرکی سەرای دەستگای ئاسایشی سلێمانی کە بەرهەمی هەمان سیاسەتی جارانی پارتی شۆرشگێرەکەی بەکرەجۆن و بەندیخانەکەی ڕایەتی ساڵانی حەفتاکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و ئێستای ئاکرێی حیزبی ناوبراو هەمان بەندیخانە و کولتوری سیاسیی و شەق وەشاندن و کەرامەت شکاندنن.